پەرلەمانتارێکی کورد: پەدچێت هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان یەک بە دوو مانگی دیکە لەسەر وادەی دیاریکراوی خۆیدا دوابخرێت

ئەمە سەشەمە،دارا حەمە پەرلەمانتاری پارێزگای سلێمانی دووپاتیکردەوە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە مانگی شوباتی داهاتوودا بەوودەچێت،ئاشکرایشیکرد کە چەندین سکاڵا هەیە لە دادگای فیدراڵی سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم پەدچێت بە ماوەی یەک بە دوو مانگ وادەی هەڵبژاردنەکان دوابخات.

حەمە لەلەدوانەکدا بە ئاژانسیەموتەعەی رایگەیاند"لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی فیدراڵی ڕەکەوتوون لەسەر وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 25 ی مانگی شوباتی داهاتوودا و کەمسیۆن ئامادەیی خۆی دەربیوە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەم وادەیەدا."

وتیشی،"یەکێتی نیشتمانی کوردستان چەند سکاڵایەکی دژی یاسای هەڵبژاردنی هەرێم پێشکێشکردووە هەروەها لایەنەکانی دیکەش سکاڵایان تۆمارکردووە،کە لە 27ی ئەم مانگە لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە پەداچوونەویان بە دەکرێت."

ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەو سکاڵایانە پەیوەندییان بە کێتای کورسییەکانەوە هەیە، هەروەها گەیینی یاسای هەڵبژاردنەکان بە فرەبازنەیی، واتە هەموو پارێزگاکانی هەرێم یەک بازنەی هەڵبژاردن نابن

بەکو هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەبژاردنی هەبێت".

روونیشیکردەوە" ئەگەر دادگای فیدراڵی بڕیار بدات بە گەڕاندنەوەی یاسای هەبژاردنەکانی هەرێم، ئەوا پەدەچێت تەنها بە ماوەی یەک بە دوو مانگی دیکە دوابخرێت."

رایشیگەیاند" ئەنجامدانی هەبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەبێتە هۆی دروستبوونی حکومەتێکی شەرعی خاوەن دەسەڵات، بەیە هەر ئەم حکومەتە وادەی ئەنجامدانی هەبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دیاری دەکات کە لە ساڵی 2014 بە دواجار ئەنجامدراوە".